مەرەف ئەبو قەسر سەلامەتە... وەزارەتی بەرگری سوریا ژەهراویبوونی ڕەتدەکاتەوە

وەزارەتی بەرگری سوریا، ئەمڕۆ شەممە، ئەو دەنگۆیانەی ڕەتکردەوە کە باس لە ژەهراویکردنی مەرەف ئەبو قەسر، وەزیری بەرگری دەکەن.

وەزارەتەکە دووپاتی کردەوە کە "ئەوەی هەندێک پێیج بانگەشەی بە دەکەن سەبارەت بە ژەهراوی بوونی وەزیری بەرگری مەرەف ئەبو قەسر، درێیە، باس لەوە دەکەن کە ئەبو قەسر سەلامەتە و وەک هەمیشە کارەکانی جێبەجێ دەکات، ئەوەی بەاودەکرێتەوە جگە لە دەنگۆی بەدخوازانە هیچی تر نییە".

وەزارەتەکە لە کەتایيدا دەڵێت: "داوا لە هاوڵاتیان دەکەین زانیاری لە سەرچاوە فەرمییەکانەوە وەربگرن بە ئەوەی بەڵێدا نەبرێن یان چەواشە بکرێن".

پێشووتریش هەندێک لە دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەاویانکردەوە کە ئەبو قەسر ژەهراوی کراوە و ئەوەش بووە هۆی گواستنەوەی بە نەخۆشخانە.